Vision Foundation
For Strategic Studies

# هەڵبژاردنی
# پەرلەمانی کوردستان
# | ٢٠٢٤ |

## چانسی پارت و کاندیدەکان لەسەر بنەمای
## هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠٢١



Vision Foundation

For Strategic Studies

# هەڵبژاردنی
# پەرلەمانی کوردستان
## | ٢٠٢٤ |

### چانسی پارت و کاندیدەکان لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠٢١



## پووختەی جێبەجێکار

لەم راپۆرتەدا بەوردی سەرنج خراوەتە سەر هەڵسەنگاندنی ئاستی دەنگ و سەنگی لایەنە سیاسییەکان لەسەر بنەمای رێژەی بەشدارییکردن لە هەریەک لە بازنەکانی هەڵبژاردندا و هەروەها پشت بەستراوە بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی 2021دا، بۆ شیتەڵکردنی دەنگ و سەنگی هەر یەک لە هێزە سیاسییەکان.

## پێشەکی

ئەم راپۆرتە شیکارییە لە لایەن دامەزراوەی (ڤیژن بۆ توێژینەوەی ستراتیجی) لە سەرەتای ئۆکتۆبەری 2024 ئەنجامدراوە، کە ئامانج لێی هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستانە بە لەبەرچاوگرتنی ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی 2021دا، ، هەروەها تێگەیشتنە لە واقیع و سەنگی هێز و قەوارە ڕکابەرەکانی بەشداربووی هەڵبژاردن بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان کە بڕیارە لە 20/10/2024دا ئەنجامبدرێت.

دامەزراوەی (ڤیژن بۆ توێژینەوەی ستراتیجی)، ناوەندێکی بەرهەمهێنانی توێژینەوە و پەیپەری تایبەتە بە پرسە جیاجیاکانی کۆمەڵگە و لە ڕێگەیەوە هەوڵ دەدات سەرنجی بڕیاربەدەستان ڕابکێشێت بۆ دروستکردنی بڕیاری گونجاو و پشتبەستوو بەدەرئەنجامی توێژینەوە لەپێناو باشتر خزمەتکردنی گشتییدا.


## زانیاریی گشتیی

هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان کە بڕیارە لە 20/10/2024دا ئەنجامبدرێت، جیاواز لە هەڵبژاردنەکانی رابردوو هەرێمی کوردستان دابەشکراوە بۆ چوار بازنەی هەڵبژاردن و لیست و کاندیدی تاکەکسی دەتوانن کێبڕکێی هەڵبژاردن بکەن، هەروەها چەند لیستێکی نوێش کێبڕکێی هەڵبژاردن دەکەن، زۆری ژمارەی کاندیدەکان لە بازنەکانی هەڵبژاردندا ئەو ئەگەرە دەهێنێتە پێشەوە کە هەڵمەتی هەڵبژاردن گەرموگوری زیاتر بەخۆیەوە ببینێت، بەم هۆیەشەوە رەنگە تارادەیەک بەشداریی هەڵبژاردن بەراورد بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە لەساڵی 2021دا ئەنجامدرا زیادبکات.

## داتا و زانیارییەکان سەبارەت بە هەڵبژاردنەکە:

## یەکەم: کورسی پەرلەمان

### دابەشکاریی کورسی پەرلەمان





**کۆی گشتی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان: ١٠٠کورسی**

## دووەم: دابەشکاریی کورسی بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردندا:


## بازنەکانی هەڵبژاردن

## بازنەی پارێزگای هەولێر





**کۆی گشتی کورسیی پارێزگای هەولێر: ٣٤ کورسی**

## بازنەی پارێزگای سلێمانی





**کۆی گشتی کورسیی پارێزگای سلێمانی: ٣٨ کورسی**

## بازنەی پارێزگای دهۆک





**کۆی گشتی کورسیی پارێزگای دهۆک: ٢٥ کورسی**

## بازنەی پارێزگای هەڵەبجە




کۆی گشتی کورسیی پارێزگای هەڵەبجە: ٣ کورسی

## سێیەم: دابەشکاریی دەنگدەر بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردندا:




## چوارەم: ژمارەی کاندید و لیستەکان:


ژمارەی لیستە پەسەندکراوەکان: ١٣٦

ژمارەی کاندیدە پەسەندکراوەکان: ١١٩١

ژمارەی کاندیدی پێکهاتەی تورکمان: ٢٠

ژمارەی کاندیدی پێکهاتەی مەسیحی: ١٨

## پێنجەم: دابەشکاریی کاندیدەکان لەسەر بنەمای ڕەگەز:




## بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگای هەولێر

**ژمارەی کورسی پەرلەمانی: ٣٤ کورسی، ٣٢ کورسی پەرلەمانی گشتیی و (٢) کورسی پێکهاتەکان (١ مەسیحی و یەک تورکمان)**


**ژمارەی دەنگدەر: ١٠٢٢٩٠٦**

**ژمارەی کاندید: ٢٩٥**

**ڕێژەی بەشداریی لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق: ٥٠,٨٪**

## ژمارەی دەنگی لایەنەکان
## لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سالی ٢٠٢١

### ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١) - هەولێر




## شیکاریی لەسەر بنەمای دەنگی لایەنەکان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠٢١

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠٢١ لە سنووری پارێزگای هەولێر ڕێژەی دەنگی لایەنەکان بەم شێوەیە بوو بەگوێرەی داتاکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق:

پارتی دیموکراتی کوردستان: ٥٩٪

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان: ٠,٨٪

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: ١٤,٨٪

نەوەی نوێ: ١٧,٨٪

بزوتنەوەی گۆڕان: ٠,٩٪


کۆمەڵی دادگەری کوردستان: ٤,٣٪

لەسەر بنەمای رێژەی دەنگدان، بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان دەنگی لایەنەکان بەم شێوەیە دەبێت:

ژمارەی دەنگدەر ئەگەر هەمان رێژەی بەشداریی ٥٠,٨٪ بێت لە پارێزگای هەولێر ئەوا چانسی لایەنەکان بەم شێوەیە دەبێت:

ژمارەی دەنگدەر بەرێژەی ٥٠,٨٪ لە بانەی هەلبژاردنی هەولێر بریتی دەبێت لە **٥١٩٦٣٦**


## دەنگی گریمانەیی (٢٠٢٤) لەسەر بنەمای ئەنجامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)



# چانسی کورسی لایەنەکان بەپێی بەرکەوتەی هەڵبژاردن

## بەرکەوتەی هەڵبژاردن: ١٥٨٤٨

| قەوارەی سیاسیی | دەنگی بەدەستهاتوو | بەرکەوتەی هەڵبژاردن | ژمارەی کورسی | زۆرینەی ماوە | چانسی بەدەستهێنانی کورسی |
|---|---|---|---|---|---|
| پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٠٦٥٨٥ | ١٥٨٤٨ | ١٩ | ٥٤٧٣ | ٢٠ |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٤١٥٧ | | ٠ | ٤١٥٧ | ٠ |
| یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | ٧٦٩٠٦ | | ٤ | ١٣٥١٤ | ٥ |
| بزوتنەوەی گۆڕان | ٤٦٧٦ | | ٠ | ٤٦٧٦ | ٠ |
| کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٢٢٣٤٤ | | ١ | ٦٤٩٦ | ١ |
| جوڵانەوەی نەوەی نوێ | ٩٢٤٩٥ | | ٥ | ١٣٣٥٥ | ٦ |



## شیکاریی داتاکان:

### یەکەم: پارتی دیموکراتی کوردستان:

تا ئێستا بە سەرنجدان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پارتی دیموکراتی کوردستان توانیویەتی زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێنێت، بەجۆرێک کە توانیویەتی ٥٩٪ ی دەنگی پارێزگای هەولێر لەدەست بهێنێت و خۆ ئەگەر بتوانێت پارێزگاریی لە دەنگەکانی بکات ئەوا چانسی بەدەستهێنانی ١٩ کورسی بەهێز دەبێت بەلەبەرچاوگرتنی ئەم تێبینییانەی خوارەوە:

- پارێزگای هەولێر بەحوکمی ئەوەی پایتەختی هەرێمی کوردستانە، هێزە سیاسییەکان زیاتر نمایشی سیاسیی خۆیان دەکەن، هەر لەبەر ئەمەیشە ناکرێت پارێزگای هەولێر هاوشێوەی ژینگەی سیاسیی پارێزگاکانیتر سەیربکرێت.
- دامەزراوەکانی حکومڕانی لە پایتەختدا جێگیرن، ئەمەیش وادەکات کێبڕکێی هەڵبژاردن بۆ چەسپاندنی پێگەی هێزە سیاسییەکان بەهێزتربێت، لەم دۆخەیشدا ئەگەری ئەوەهەیە ئاستی بەشداریی زیاتربێت و ئەمەیش لەبەرژەوەندی پارتی نابێت.
- کەمی خزمەتگوزارییەکان و نەبوونی موچە لە چەند ساڵی رابردوودا، ئەگەرێکی بەهێزە بوبێتە هۆی دروستبوونی نارەزایەتییەکی بێدەنگ و لە رۆژی دەنگداند دەنگ بە هێزە رکابەرەکانی پارتی بدەن، ئەمەیش کاریگەریی لەسەر پێگەو کورسییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دروست دەکات.

## دووەم: یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

بەلەبەرچاوگرتنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و دیاریکردنی ئەگەرەکان لە باشترین حاڵەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا دەیتوانی **٥** بکورسی پەرلەمان لە پارێزگای هەولێر مسۆگەر بکات، بەڵام بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان یەکێتی رووبەرووی چەند دژوارییەکی گەورە دەبێتەوە کە ئەگەرێکی بەهێزە بۆ کەمکردنی دەنگ و کورسییەکانی:

- لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق **٢٠٢١** لە چوارچێوەی هاوپەیمانی کوردستاندا کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان پێکیانهێنا، ئەو کات بزوتنەوەی گۆڕان لە دوو بازنەی هەولێر کاندیدیان نەبوو، ئەگەرێکی بەهێزبووە کە دەنگدەرانی گۆڕان دەنگیان بەیەکێتی دابێت بەڵام بۆ خولی شەشەم ئەم دۆخە بۆ یەکێتی دوبارە نابێتەوە.
- لیستی بەرەی گەل دەتوانێت کاریگەریی لەسەر دەنگدەر و لایەنگرانی یەکێتی دروستبکات و و ئەگەرێکی بەهێزە بتوانێت نەک تەنها دەنگی یەکێتی پەرت بکات بەڵکو ئەگەرێکی بەهێزە کە بەشێک لە کورسییەکانیشی ببیات.
- گرفتەکانی حکومرانی ئەگەر لە پارێزگای هەولێر پشکی گەورە بەر پارتی بکەوێت، بەڵام وەک شەریکێکی سەرەکی حکومەت ئەگەر کەمتریشبێت بەهەمان شێوە یەخەی یەکێتیش دەگرێت، ئەمەش کاریگەریی لەسەر زیادبوونی دەنگی نارەزایەتی دروستدەکات و هاوشێوەی پارتی بە زەرەری یەکێتیش دەشکێتەوە.

## سێیەم: جوڵانەوەی نەوەی نوێ:

ئەگەر نەوەی نوێ بتوانێت پارێزگاریی لە هەمان ڕێژەی دەنگەکانی بکات دەتوانێت پێنج کورسی مسۆگەر بکات و ئەگەرێکی بەهێزە بەزۆرینەی ماوە کورسی شەشەمیش ببات، بەڵام ئەوەی ڕوونە قورسە ئەم دۆخە بۆ نەوەی نوێ وەک خۆی بمێنێتەوە، لەبەرئەوەی دروستبوونی هێزی تازە ئەو بۆشاییە بۆ نەوەی نوێ تەسک دەکاتەوە کە بریتییە لە دەنگی نارازی و لە هەڵبژاردنەکانی رابردوودا دەنگ و سەنگی نەوەی نوێ بوون.

## چوارەم: کۆمەڵی دادگەری کوردستان:

هەرچەندە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی ٢٠٢١دا کۆمەڵی دادگەری لەسنووری پارێزگای هەولێر تەنها ٢ کاندیدی هەبوو، بەو شێوەیەیش ڕێژەی ٤,٣٪ی دەنگەکانی هێنا، خۆ ئەگەر لە هەر چوار بازنەکەدا کاندیدی هەبوایە ئەوا ئەگەری ئەوە هەبوو ڕێژەی دەنگەکانی زیاتر بکات، بەڵام ئەگەر بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کۆمەڵی دادگەری بتوانێت پارێزگاریی لەهەمان ریژەی دەنگەکانی بکات ئەوا چانسی بەدەستهێنانی دوو کورسی دەبێت.

## پێنجەم: یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان:

یەکگرتووی ئیسلامی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا لە سنووری پارێزگای هەولێر تەنها لە دوو بازنەدا کاندیدی هەبوو، ئەگەر لە هەر چوار بازنەکەدا کاندیدی هەبووایە ئەوا ڕێژەی دەنگەکانی زیادی دەکرد و ئەگەرێکی بەهێزبوو هەمان ڕێژە بۆ هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان چانسی بەدەستهێنانی کورسی بەدەست بهێنایە، بەڵام ئەگەر لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستاندا هەمان ڕێژەی ساڵی ٢٠٢١ بەدەست بهێنێت ئەوا چانسی بەدەستهێنانی کورسی لاواز دەبێت

## شەشەم: بزوتنەوەی گۆڕان:

هەرچەندە بزوتنەوەی گۆران لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق اە پارێزگای هەولێر تەنها لە دوو بازنەدا کاندیدی هەبوو، هەروەها بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ یەکێتی نیشتیمانیدا لیستی هاوپەیمانی کوردستانییان پێکهێنابوو، بەڵام ڕێژەی دەنگەکانی لەو دوو بازنەیەدا ئەوە دەردەخات کە ئەگەرێکی زۆر لاوازە بتوانێت بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان کورسی بەدەست بهێنێت.

## حەوتەم: بەرەی گەل:

بەرەی گەل کە وەک قەوارەیەکی سیاسیی نوێ بەشداریی لە هەڵبژاردن دەکات لە بنەمادا لە هەناوی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە هاتووتە دەرەوە، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە خاڵی بەهێزی دەنگدەرانی بەرەی گەل، ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەبێت، ئەگەری ئەوەیش هەیە بەشێک لە دەنگی لایەنەکانی تر ببات. سەبارەت بە خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان لە سنوری پارێزگای هەولێر ئەگەرێکی بەهێزە لەسەر حسابی دەنگدەر و لایەنگرانی یەکێتی کورسی بەدەست بهێنێت.

## هەشتەم: ڕەوتی هەڵوێستی نیشتیمانی:

ڕەوتی هەڵوێستی نیشتیمانی وەک قەوارەیەکی سیاسیی یەکەمجاریەتی کێبڕکێی هەڵبژاردن بکات، زەمینەی دەنگدەرانی ئەم ڕەوتە زیاتر لەناو دەنگدەرانی نەوەی نوێ و بزوتنەوەی گۆڕانەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەگەری ئەوەیش هەیە کاریگەریی لەسەر دەنگدەرانی هێزە ئیسلامییەکانی وەک یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و کۆمەڵی دادگەریی کوردستان دروست بکات.

ئەوەی تێبینی دەکرێت جگە لەپارتی دیموکراتی کوردستان لەسنوری پارێزگای هەولێر کە ئەگەری هەیە بتوانێت دەنگەکانی بەجێگیری بهێڵێتەوە، سەرجەم لایەنەکانی تر لە ژینگەی یەکتردا ڕکابەری دەکەن و کار لەسەر بردنی دەنگی یەکتر دەکەن، ئەمەیش دەرخەری ئەو واقیعەیە کە ئەم هێزە سیاسییانە ناتوانن گۆڕانکاریی لە باڵانسی هێزدا دروستبکەن لە پارێزگای هەولێر.

## بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگای سلێمانی

**ژمارەی کورسی پەرلەمانی: ٣٨ کورسی ، ٣٦ کورسی پەرلەمانی گشتیی و (٢) کورسی پێکهاتەکان ( ١ مەسیحی و یەک تورکمان)**


**ژمارەی دەنگدەر: ١٠٨٧٠٧٣**

**ژمارەی کاندید: ٥١٦**

**رێژەی بەشداریی لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق: ٤٠,٧٠٪**

## ژمارەی دەنگی لایەنەکان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی ٢٠٢١

**ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١) – (سلێمانی)**



## ڕێژەی دەنگی لایەنەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠٢١

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق **٢٠٢١** لە سنووری پارێزگای سلێمانی ڕێژەی دەنگی لایەنەکان بەم شێوەیە بوو بەگوێرەی داتاکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق:

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: **٣٣٪**

جوڵانەوەی نەوەی نوێ: **٢٨,٨٪**

پارتی دیموکراتی کوردستان: **١٣,٤٪**

کۆمەڵی دادگەری کوردستان: **١٠٪**

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان: **٢,٤٪**


بزوتنەوەی گۆڕان: **٥,٤٪**

لەسەر بنەمای ڕێژەی دەنگدان، بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان دەنگی لایەنەکان بەم شێوەیە دەبێت:

ژمارەی دەنگدەر ئەگەر هەمان ڕێژەی بەشداریی **٤٠,٧٠٪** بێت لە پارێزگای سلێمانی ئەوا چانسی لایەنەکان بەم شێوەیە دەبێت:

ژمارەی دەنگدەر بەڕێژەی **٤٠,٧٠٪** لە بانەی هەڵبژاردنی هەولێر بریتی دەبێت لە **٤٤٢٤٣٨**.


## ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١) - سلێمانی



# چانسی کورسی لایەنەکان بەپێی بەرکەوتەی هەڵبژاردن

## بەرکەوتەی هەڵبژاردن: ١١٤٢٩

| قەوارەی سیاسیی | دەنگی بەدەستهاتوو | بەرکەوتەی هەڵبژاردن | ژمارەی کورسی | زۆرینەی ماوە | چانسی بەدەستهێنانی کورسی |
|---|---|---|---|---|---|
| یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | ١٤٦٠٠٤ | ١١٤٢٩ | ١٢ | ٨٨٥٦ | ١٣ |
| بزوتنەوەی گۆڕان | ٢٣٨٩١ | | ٢ | ١٠٣٣ | ٢ |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | ٥٩٢٨٦ | | ٥ | ٢١٤١ | ٥ |
| کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٤٤٢٤٣ | | ٣ | ٩٩٥٦ | ٤ |
| جوڵانەوەی نەوەی نوێ | ١٢٧٤٢٢ | | ١١ | ١٠٧٣ | ١١ |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ١٠٦١٨ | | ٠ | ١٠٦١٨ | ١ + |



## شیکاریی داتاکان:

## یەکەم: پارتی دیموکراتی کوردستان:

پارێزگای سلێمانی بەناوەندی دەسەڵاتی یەکێتی هەژمار دەکرێت، تایبەت بە خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ ئەوەی سنوری ئەم پارێزگایە وەک بازنەیەکی هەڵبژاردن ٣٦ کورسی گشتی بۆ تەرخان کراوە بەڵام بە شیتەڵکردنی داتاکانی هەڵبژاردن یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە دۆخی ئاساییدا دەتوانێت ١٢ بۆ ١٣ کورسی پەرلەمان بەدەست بهێنێت.

بارودۆخ و واقسعی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان جیاواز دەبێت، ئەم جارە ئاستەنگ و تەنگژەی زیاتر رووبەرووی یەکێتی دەبێتەوە و ئەستەم دەبێت بتوانن هەمان سەنگ و پێگەی خۆیان بپارێزن بەم هۆکارانەی خوارەوە:

- لیستی بەرەی گەل کە لە هەناوی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هاتووەتە دەرەوە، لەسنوری پارێزگای سلێمانیدا پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئەمنییان بەهێزە و کاریگەرییان دەبێت لەسەر کەمکردنی دەنگ و کورسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.
- بەپێچەوانەی پارێزگای هەولێرەوە ئەگەر پارتی لەوێ بەرپرسی یەکەم بێت لە کەمی خزمەتگوزارییەکان و نەدانی موچەی فەرمانبەران ئەوا لەزۆنی دەسەڵاتی یەکێتیدا بەرپرسیارێتی یەکەم لەسەر یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بووەو ئەمەیش ئەگەرێکی بەهێزە کە زیادبوونی نارەزایەتییەکان بە زەرەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بشکێتەوە.

## دووەم: جوڵانەوەی نەوەی نوێ:

ئەگەر نەوەی نوێ بتوانێت پارێزگاری لەم ڕێژەی دەنگانەی بکات ئەوا چانسی بەدەست هێنانی ١١ کورسی پەرلەمانی لە سنوری پارێزگای سلێمانی بەهێز دەبێت، بەڵام جیاواز لە هەڵبژاردنەکانی رابردوو ئەگەری ئەوە هەیە کە جوڵانەوەی نەوەی نوێ ڕووبەڕووی گرفی جدی ببێتەوە کە بازنەی دەنگدەرانی نەوەی نوێ بچوکدەکاتەوە بەتایبەت دروستبوونی هێزە نوێیەکان کاریگەریی لەسەر دەنگدەرانی نەوەی نوێ دروستدەکەن.

## سێیەم: پارتی دیموکراتی کوردستان:

پارێزگای سلێمانی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان تەواو پێچەوانەی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆکە، سەنگ و هێزی دەنگی پارتی لە سلێمانی تەواو سنووردارە، بەم شێوەیەیش لەسەر بنەمای شیکارکردنی دەنگەکانی دەردەکەوێت کە دەتوانێت بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان ٥ کورسی مسۆگەر بکات، لەگەڵ ئەمەیشدا دۆخی پارتی لە پارێزگای سلێمانی چەند سەرنجێک هەڵدەگرێت:

- هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی پارتی و ئەو گرفتانەی لەناو کادیرانی ئەو حیزبەدا دروستبوو، ئەگەرێکی بەهێزە کارگەریی لەسەر دەنگدان دروستبکات، خۆ ئەگەر ململانێ و نارەزایەتییەکانی ناوخۆی پارتی بەهێزبن تا ئەو رادەیەی لایونگرو کادیرە زویرەکان بەشداریی دەنگدان نەکەن، ئەوا ئەگەرێکی بەهێزە

کە کورسییەکانی پارتی لە سنوری پارێزگای سلێمانیدا داببەزێت بۆ سێ کورسی.

- گرفتەکانی حکومرانی ئەگەر لە پارێزگای سلێمانی پشکی گەورە بەر یەکێتی بکەوێت، بەڵام وەک شەریکێکی سەرەکی حکومەت بەهەمان شێوە یەخەی پارتیش دەگرێت، ئەمەش کاریگەریی لەسەر زیادبوونی دەنگی نارەزایەتی دروستدەکات و هاوشێوەی یەکێتی بە زەرەری پارتیش تەواودەبێت.
- پێگەی هێزە سیاسییەکان بەدەر لە پارتی هەمیشە لە سنوری پارێزگای سلێمانیدا زیاتر چەسپیوە بەراورد بە پارێزگاکانی تر، ململانێی توندی هەڵبژاردن و بردنی دەنگی لایەنەکان لەنێوان خۆیاندا ئەگەر ئەوەی ئەهەیە بە سوودی پارتی تەواوببێت.

## چوارەم: کۆمەڵی دادگەری کوردستان:

هەرچەندە کۆمەڵی دادگەری کوردستان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی ٢٠٢١ تەنها لە دوو بازنەی پاریزگای سلێمانیدا کاندیدی هەبوو بەو شێوەیەش توانی رێژەی ١٠٪ دەنگەکان بەدەست بهێنێت، بەم شێوەیەش داتاکان دەریدەخەن کە کۆمەڵی دادگەریی ئەگەر بتوانێت پارێزگاریی لە هەمان رێژەی دەنگەکانی بکات ئەوا چانسی بەدەستهێنانی ٤ کورسی دەبێت،. بەڵام هاوشێوەی هێزەکانی تر لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستاندا لەبەردەم ئاڵەنگارییدا دەبێت، بەتایبەت ئەگەری ئەوە هەیە هێزە نوێیەکان بەشێک لە دەنگەکانی پەرت بکات.

## پێنجەم: بزوتنەوەی گۆڕان:

بزوتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی ٢٠٢١دا لە چوار بازنەی هەڵبژاردندا کە ئێستە بووە بە بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگای سلێمانی بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان کاندیدی هەبوو، ئەگەر هەمان ڕێژەی دەنگ بەدەست بهێنێتەوا ئەوا لە دۆخی ئاساییدا دەتوانێت کورسییەک مۆگەر بکات و بە زۆرینەی ماوەیش چانسی بردنی کورسی دووەمی پەرلەمانی دەبێت.

## شەشەم: یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان:

هەرچەندە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا لە ساڵی ٢٠٢١ تەنها یەک کاندیدی هەبوو، خۆ ئەگەر لە هەرچوار بازنەکەدا کاندیدی هەبوایە ئەوا ڕێژەی دەنگەکانی زیادی دەکرد، بەڵام ئەنجامی بەدەستهاتووی یەکگرتوو لە ساڵی ٢٠٢١دا ئەوە نیشان دەدات کە لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستاندا دەتوانێت کورسی پەرلەمان مسۆگەربکات لە سنوری پارێزگای سلێمانیدا.

## حەوتەم: بەرەی گەل:

بەرەی گەل کە وەک قەوارەیەکی سیاسیی نوێ بەشداریی لە هەڵبژاردن دەکات لە بنەمادا لە هەناوی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە هاتوتە دەرەوە، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە خاڵی بەهێزی دەنگدەرانی بەرەی گەل، ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەبێت، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە سەنگ و پێگەی بەرەی گەل لە پارێزگای سلێمانیدا بەهێزتر بەراورد بە پارێزگاکانی تر، ئەمەیش ئەو ئەگەرە بەهێزە دروستدەکات کە نەک تەنها دەنگ بەڵکو بەشێک لە کورسییەکانی یەکێتیش ببات، هەروەها ئەگەرێکی بەهێزیشە کە بەشێک لە دەنگەکانی بزوتنەوەی گۆڕان و نەوەی نوێش ببات.

## هەشتەم: ڕەوتی هەڵوێستی نیشتیمانی:

ڕەوتی هەڵوێستی نیشتیمانی وەک قەوارەیەکی سیاسیی یەکەمجاریەتی کێبڕکێی هەڵبژاردن بکات، زەمینەی دەنگدەرانی ئەم ڕەوتە زیاتر لەناو دەنگدەرانی نەوەی نوێ و بزوتنەوەی گۆڕانەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەگەری ئەوەیش هەیە کاریگەریی لەسەر دەنگدەرانی هێزە ئیسلامییەکانی وەک یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و کۆمەڵی دادگەریی کوردستان دروست بکات، بەهۆیەشەوە لە سنوری پارێزگای سلێمانی چانسی بەدەستهێنانی کورسی پەرلەمانی دەبێت.

## بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگای دهۆک

ژمارەی کورسی پەرلەمانی: ٢٥ کورسی،
٢٤ کورسی پەرلەمانی گشتیی و (١) کورسی پێکهاتەی مەسیحی


ژمارەی دەنگدەر: ٧٣٢٧٤٧

ژمارەی کاندید: ٢٦٦

ڕێژەی بەشداریی لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق: ٥٨,٨٦٪

## ژمارەی دەنگی لایەنەکان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی ٢٠٢١

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١) - دهۆک



## شیکاریی لەسەر بنەمای دەنگی لایەنەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠٢١

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق **٢٠٢١** لە سنووری پارێزگای دهۆک رێژەی دەنگی لایەنەکان بەم شێوەیە بوو بەگوێرەی داتاکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق:

پارتی دیموکراتی کوردستان: **٦٥,٧٪**

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان: **٢٠,٤٪**

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: **٦,٣٪**

نەوەی نوێ: **٤,٨٪**

بزوتنەوەی گۆڕان: **٠**


کۆمەڵی دادگەری کوردستان: **٠**

لەسەر بنەمای رێژەی دەنگدان، بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان دەنگی لایەنەکان بەم شێوەیە دەبێت:

ژمارەی دەنگدەر ئەگەر هەمان رێژەی بەشداریی **٥٨,٨٦٪** بێت لە پارێزگای دهۆک، ئەوا چانسی لایەنەکان بەم شێوەیە دەبێت:

ژمارەی دەنگدەر بەرێژەی **٥٨,٨٦٪** لە بانەی هەڵبژاردنی هەولێر بریتی دەبێت لە **٤٣١٢٩٤**.


## ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)- دهۆک



# چانسی کورسی لایەنەکان بەپێی بەرکەوتەی هەڵبژاردن

## بەرکەوتەی هەڵبژاردن: ١٧٤٦٧

| قەوارەی سیاسیی | دەنگی بەدەستهاتوو | بەرکەوتەی هەڵبژاردن | ژمارەی کورسی | زۆرینەی ماوە | چانسی بەدەستهێنانی کورسی |
|---|---|---|---|---|---|
| پارتی دیموکراتی کوردستان | ٢٨٣٣٦٠ | ١٧٤٦٧ | ١٦ | ٣٨٨٨ | ١٦ |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٨٧٩٨٣ | | ٥ | ٦٤٨ | ٥ |
| یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | ٢٧١٧١ | | ١ | ٩٧٠٤ | ٢ |
| بزوتنەوەی گۆڕان | ٠ | | ٠ | ٠ | ٠ |
| کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٠ | | ٠ | ٠ | ٠ |
| جوڵانەوەی نەوەی نوێ | ٢٠٧٠٢ | | ١ | ٣٢٣٥ | ١ |



## شیکاریی داتاکان:

### یەکەم: پارتی دیموکراتی کوردستان:

پارێزگای دهۆک بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بە ناوچەی ئارام دادەنرێت و کەمترین ململانێ سیاسییەکانی تێدا روودەدات بەراورد بە پارێزگاکانی تری هەرێمی کوردستان و پێگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بەهێزی تێیدا چەسپیووە، لەم رووەوە بە لەبەرچاوگرتنی داتاکانی هەڵبژاردن بۆ خولی شەشەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بەهەمان شێوەی هەڵبژاردنەکانی رابردوو زۆرینەی بەرچاو بەدەست دەهێنێت بەڵام رووبەرووی چەند ئاڵەنگارییەک دەبێتەوە لەوانە:

- ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان هەمان رێژەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی ٢٠٢١دا بهێنێت، ئەوا چانسی بردنەوەی کورسییەکانی بۆ ١٦ کورسی پەرلەمان دادەبەزێت.
- بوونی لیستی جیاواز و کاندیدی جیاواز لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستاندا ئەگەری هەیە کاریگەری لەسەر زیادبوونی ئاستی بەشداریی دروستبکەن، ئەمەیش ئەگەری هەیە کاریگەری لەسەر دەنگدەر و لایەنگرانی پارتی دروستبکات و ئەمەیش ئاڵەنگارییەکە لەبەردەم پارتی دیموکراتی کوردستاندا.
- یەکێکی تر لە ئاڵەنگارییەکان لەبەردەم پارتیدا هاتنی هێزی تورکیایە بۆ سنوری پارێزگای دهۆک، ئەمەیش ژینگەی هەڵبژاردنی لایەنە رکابەرەکان گەرمتر دەکات لەبەرامبەر پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەگەری ئەوەیش هەیە کاریگەریی گەورە لەسەر دەنگدەرانی پارتی دروست بکەن.

## دووەم: یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان:

هەرچەندە بنکەی سەرەکی یەکگرتووی ئیسلامی لە پارێزگای سلێمانییە، بەڵام لەسەرجەم هەڵبژاردنەکانی رابردوودا ئەوە سەلمێندراوە کە هێزو پێگەی یەکگرتوو زیاتر لە پارێزگای دهۆک چەسپیوە بەراورد بە پارێزگاکانی تر، هەروەها بەسەرنجدان لە داتاکانی هەڵبژاردن ئەوە روون دەبێتەوە کە بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، بەهەمان شێوە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دەتوانێت سەنگ و پێگەی خۆی بپارێزێت، بەلەبەرچاوگرتنی ئەم روونکردنەوانەی خوارەوە:

- لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی ٢٠٢١دا، هەرچەندە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ئەو کات وەک قەوارەیەکی سیاسیی خۆی تۆمار نەکرد، بەڵکو ئەندامەکانی بەشێوەی کاندیدی سەربەخۆ خۆیان پاڵاوت و رێژەی دەنگەکانی بەرزبۆوە بۆ ٢٠,٤٪
- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تەنها لە دوو بازنەی پرێزگای دهۆک کاندیدی هەبوو، حۆ ئەگەر لە هەر سێ بازنەکەدا کاندیدی هەبوایە ئەوا رێژەی دەنگەکانی زیاتر دەبوو.
- ئەگەر یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان پارێزگاری لە پێگەی خۆی بکات بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەوا دەتوانێت ٥ کورسی پەرلەمان مسۆگەر بکات بەمەرجێک هەردوو قەوارەی سیاسیی بەرەی گەل و رەوتی هەڵوێستی نیشتیمانی کاریگەریی لەسەر دەنگدەرانی یەکگرتوو دروست نەکەن.

## سێیەم: یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە هیچ کام لە هەڵبژاردنەکانی رابردوودا نەیتوانییوە لە سنووری پارێزگای دهۆکدا کێبرکێ کارێکی بەهێز بێت، بە سەرنجدان لەداتای هەڵبژاردنەکان ئەوە دەردەکەوێت هەمان دۆخ بگرە قورستر بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دروست دەبێت لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستاندا لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە:

- هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا لە ساڵی ٢٠٢١دا تەنها لە دوو بازنەدا کاندیدی هەبوو، بەڵام لە ٦,٣٪ی دەنگەکانی بەدەست هێنا خۆ ئەگەر لە هەر سێ بازنەکەدا کاندیدی هەبوایە دەیتوانی لەو رێژەیە زیاتر دەنگ بەدەست بهێنێت.
- ئەگەر یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بتوانێت پارێزگاریی لە دەنگەکانی خۆی بکات ئەوا چانسی بەدەستهێنانی دوو کورسی مسۆگەرە، بەڵام دوو ئاڵەنگاریی جدی لەبەردەمیدا هەیە بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان.
- لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی ٢٠٢١ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتی کوردستانی بەشدارییان کرد و بزوتنەوەی گۆڕان هیچ کاندیدێکی نەبوو، لەبەرئەوە ئەگەرێکی بەهێزە کە دەنگدەرانی بزوتنەوەی گۆڕان دەنگیان بە کاندیدەکانی یەکێتی دابێت بەڵام بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بزوتنەوەی گۆڕان بەجیا لیستی خۆی هەیە و دەنگدەرەکانی دەنگ بەیەکێتی نادەن.
- یەکێکی تر لە ئاڵەنگارییەکان کە رووبەرووی یەکێتی دەبێتەوە (لیستی بەرەی گەل)ە کە لە هەناوی یەکێتییەوە دروستبووەو ئەگەرێکی بەهێزە بەشێک لە دەنگەکانی یەکێتی پەرت بکات، لەم حاڵەتەشدا یەکێتی چانسی بەدەستهێنانی یەک کورسی دەبێت و ئەگەرێکی بەهێز دەبێت کە کورسی دووەم لەدەست بدات.

## چوارەم: جوڵانەوەی نەوەی نوێ:

بەگوێرەی هەڵسەنگاندنی داتاکان نەوەی نوێ چانسی بەدەستهێنانی کورسییەکی بەهێزە بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، بەڵام گرفتێکی گەورە رووبەرووی جوڵانەوەکە دەبێتەوە ئەویش ئەوەیە، هێزی نەوەی نوێ پێشتر لەناو دەنگی نارازیدا بووە بەڵام لەئێستادا ئەو ژینگەیە بۆ نەوەی نوێ بچوک دەبێتەوە لەبەر ئەوەی ئەگەرێکی بەهێزە کە لیستی رەوتی نیشتیمانی بەشێک لە دەنگەکانی نەوەی نوێ ببات.

## پێنجەم: کۆمەڵی دادگەری کوردستان:

هەرچەندە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی ٢٠٢١دا کۆمەڵی دادگەری کاندیدی نەبوو، بەڵام بە سەرنجدان لە داتاکانی هەڵبژاردن ئەوە بەدیدەکرێت کە ئەم هێزە لە هەڵبژاردنەکانی رابردوودا نەیتوانییوە لە پارێزگای دهۆکدا کورسی پەرلەمان بەدەست بهێنێت، بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمیش بە هەمان شێوە لە هەمان دۆخدا دەمێنێتەوە.

## شەشەم: بزوتنەوەی گۆڕان:

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠٢١ بزوتنەوەی گۆڕان کە بەشێکبوو لە هاوپەیمانی کوردستانی لەگەڵ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە سنوری پارێزگای دهۆک هیچ کاندیدێکی نەبوو، بەڵام کەمکردنی دەنگی گۆڕان بەگشتی دەرخەری ئەو راستییەیە کە ئەم بزوتنەوەیە ناتوانێت کورسی پەرلەمان لە سنوری پارێزگای دهۆک بەدەست بهێنێت.

## حەوتەم: بەرەی گەل:

بەرەی گەل کە وەک قەوارەیەکی سیاسیی نوێ بەشداریی لە هەڵبژاردن دەکات لە بنەمادا لە هەناوی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە هاتوەتە دەرەوە، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە خاڵی بەهێزی دەنگدەرانی بەرەی گەل، ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەبێت، ئەگەری ئەوەیش هەیە بەشێک لە دەنگی لایەنەکانی تر ببات.

## هەشتەم: ڕەوتی هەڵوێستی نیشتیمانی:

ڕەوتی هەڵوێستی نیشتیمانی وەک قەوارەیەکی سیاسیی یەکەمجاریەتی کێبڕکێی هەڵبژاردن بکات، زەمینەی دەنگدەرانی ئەم ڕەوتە زیاتر لەناو دەنگدەرانی نەوەی نوێ و بزوتنەوەی گۆڕانەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەگەری ئەوەیش هەیە کاریگەریی لەسەر دەنگدەرانی هێزە ئیسلامییەکانی وەک یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و کۆمەڵی دادگەریی کوردستان دروست بکات. لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر قورس دەبێت چانسی کورسی لە سنوری پارێزگای دهۆکدا بەدەستبهێنێت.

ئەوەی تێبینی دەکرێت جگە لەپارتی دیموکراتی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، پارێزگای دهۆک ژینگەیەکی لەبار نییە بۆ هێزەکانی تر کە کێبڕکێی هەڵبژاردنی تێدابکەن، بەتایبەت دروستبوونی هەردوو قەوارەی سیاسیی نوێ کە بەرەی گەل و ڕەوتی هەڵوێستی نیشتیمانین، بەشێک لە دەنگی لایەنەکانی تر جگە لەپارتی پەرت دەکەن ئەمەیش لە دەرەنجامدا لەبەرژەوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان دەشکێتەوە.

## بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگای هەڵەبجە

ژمارەی کورسی پەرلەمانی: ٣ کورسی


ژمارەی دەنگدەر: ٦٠٢٥٢

ژمارەی کاندید: ٥٤

ڕێژەی بەشداریی لەسەر بنەمای
هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق: ٤٠,٧٠٪

## ژمارەی دەنگی لایەنەکان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی ٢٠٢١

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)



## ڕێژەی دەنگی لایەنەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠٢١

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق **٢٠٢١** لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە ڕێژەی دەنگی لایەنەکان بەم شێوەیە بوو بەگوێرەی داتاکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق:

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: **٢٣,٤٪**

جوڵانەوەی نەوەی نوێ: **١٩,٦٪**

پارتی دیموکراتی کوردستان: **١٦,٦٪**

کۆمەڵی دادگەری کوردستان: **١٧٪**


یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان: **٢٢٪**

لەسەر بنەمای ڕێژەی دەنگدان، بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان؛ دەنگی لایەنەکان بەم شێوەیە دەبێت:

ژمارەی دەنگدەر ئەگەر هەمان ڕێژەی بەشداریی **٤٠,٧٠٪** بێت لە پارێزگای هەڵەبجە، ئەوا چانسی لایەنەکان بەم شێوەیە دەبێت:

ژمارەی دەنگدەر بەرێژەی **٤٠,٧٠٪** لە بانەی هەڵبژاردنی هەولێر بریتی دەبێت لە **٢٤٥٢٢**.


# ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١) - هەڵەبجە



## چانسی کورسی لایەنەکان بەپێی بەرکەوتەی هەڵبژاردن

### بەرکەوتەی هەڵبژاردن: ٨٠٥٧

| قەوارەی سیاسیی | دەنگی بەدەستهاتوو | بەرکەوتەی هەڵبژاردن | ژمارەی کورسی | زۆرینەی ماوە | چانسی بەدەستهێنانی کورسی |
|---|---|---|---|---|---|
| یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | ٥٧٣٨ | ٨٠٥٧ | ٠ | ٥٧٣٨ | ١ |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٥٣٩٤ | | ٠ | ٥٣٩٤ | ١ |
| جوڵانەوەی نەوەی نوێ | ٤٨٠٦ | | ٠ | ٤٨٠٦ | ١ |
| کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٤١٦٥ | | ٠ | ٤١٦٥ | ٠ |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | ٤٠٧٠ | | ٠ | ٤٠٧٠ | ٠ |
| بزوتنەوەی گۆڕان | ٠ | | ٠ | ٠ | ٠ |



## شیکاریی داتاکان:

### یەکەم: پارتی دیموکراتی کوردستان:

لە سنوری بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگای هەڵەبجەدا، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان چانسی بردنەوەی یەک کورسی پەرلەمانی کوردستانی دەبێت، لەبارێکدا ئەگەر لیستی بەرەی گەل دەنگەکانی یەکێتی پەرت نەکات.

### دووەم: یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان:

بەهەمان شێوەی یەکێتی، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان چانسی بردنی یەک کورسی پەرلەمانی لە پارێزگای هەڵەبجە بەهێز دەبێت، بەمەرجێک هێزە نوێیەکان دەنگەکانی یەکگرتوو پەرت نەکەن.

### سێیەم: جوڵانەوەی نەوەی نوێ:

بەلەبەرچاوگرتنی ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠٢١، نەوەی نوێ دەتوانێت کورسییەک مسۆگەربکات، ئەگەر لیستە نوێییەکان دەنگەکانی نەوەی نوێ پەرت نەکەن.

## چوارەم: کۆمەڵی دادگەری کوردستان:

بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، ئەستەمە کۆمەڵی دادگەری کورسی بەدەستبهێنێت مەگەر لە ئەنجامی کەمکردنی دەنگی لایەنەکانی تر بتوانێت کێبڕکێی بردنەوەی کورسییەک بکات.

## پێنجەم: پارتی دیموکراتی کوردستان:

لە سنوری پارێزگای هەڵەبجە پارتی ناتوانێت کورسی پەرلەمان بەدەستبهێنێت، بەڵام لەبارێکدا بە هۆی لیستەنوێیەکانەوە ئەگەر دەنگی لایەنەکانی تر پەرت ببێت و پارتیش پارێزگاری لە ڕێژەی دەنگەکانی بکات ئەوا لەم بارەدا چانسی بردنی کورسی دەبێت.

## شەشەم: بزوتنەوەی گۆڕان:

هەرچەندە بزوتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی ٢٠٢١ لە سنوری پارێزگای هەڵەبجەدا کاندیدی نەبوو، بەڵام کەمکردنی دەنگەکانی لە هەڵبژاردنی رابردوودا ئاماژەیەکی روونە کە ئەستەمە بتوانێت کورسی هەڵبژاردن لە پارێزگای هەڵەبجەدا بەدەست بهێنێت.


## حەوتەم: بەرەی گەل:

لەگەڵ ئەوەی بەرەی گەل یەکەم ئەزموونێتی کە بەشداری لە هەڵبژاردندا بکات بەڵام لە پارێزگای هەڵەبجەدا ئەستەم دەبێت بتوانێت دەنگی کورسییەک بەدەست بهێنێت.

## هەشتەم: ڕەوتی هەڵوێستی نیشتیمانی:

هاوشێوەی بەرەی گەل: ڕەوتی هەڵوێستی نیشتیمانیش لەگەڵ ئەوەی یەکەم ئەزموونێتی کە بەشداری لە هەڵبژاردندا بکات، بەڵام لە پارێزگای هەڵەبجەدا ئەستەم دەبێت بتوانێت دەنگی کورسییەک بەدەست بهێنێت.

## دەرئەنجامی گشتی چانسی کیانە سیاسییەکان
## بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان



+ بەرەی گەل


+ ڕەوتی هەڵوێستی نیشتیمانی

* **هاوپەیمانی نیشتیمانی:** دۆخی هاوپەیمانی نیشتیمانی بە لەبەرچاوگرتنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی رابردووی ئەستەمە بتوانێت کورسی پەرلەمان بەدەست بهێنێت

* **هاوپەیمانی هەرێمی کوردستان:** هاوپەیمانی هەرێمی کوردستان لە سێ هێزی سیاسیی پێکهاتووە کە بریتین لە (حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و حیزبی شیوعی کوردستان)، ئەم هێزانە لە هەڵبژاردنەکانی رابردوودا کە هەرێمی کوردستان یەک بازنەی هەڵبژاردن بوو توانیویانە کورسی بەدەست بهێنن، بەڵام لە ئێستادا کە بەشێکیان لە ناوخۆدا پەرت بوون و هەرێمی کوردستانیش بووە بە چوار بازنە جارێکی تر دەنگەکانیان پەرت دەبێتەوە و چانسی بەدەستهێنانی کورسییان زۆر لاواز دەبێت

* **هاوپەیمانی سەردەم:** هاوپەیمانی هەرێمی کوردستان لە سێ هێزی سیاسیی پێکهاتووە کە بریتین لە (یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، پارتی پارێزگارانی کوردستان و پارتی رەنجدەرانی کوردستان و هەروەها باڵێکی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان)، ئەم هێزانە لە هەڵبژاردنەکانی رابردوودا کە هەرێمی کوردستان یەک بازنەی هەڵبژاردن بوو توانیویانە کورسی بەدەست بهێنن، بەڵام لە ئێستادا کە بەشێکیان لە ناوخۆدا پەرت بوون و هەرێمی کوردستانیش بووە بە چوار بازنە جارێکی تر دەنگەکانیان پەرت دەبێتەوە و چانسی بەدەستهێنانی کورسییان زۆر لاواز دەبێت

* **کاندیدی تاکەکەسی:** تایبەت بە کورسی گشتی، لە بازنەی هەلبژاردنی پارێزگای هەولێر ٣٩ کاندیدی تاکەکەسی هەیە، هەروەها لە بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگای سلێمانی ٣٣ کاندیدی تاکەکەسی هەیە و بەهەمان شێوەیست لە بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگای دهۆک ٢٢ کاندیدی تاکەکەسی هەیە، لە بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگای هەڵەبجەش یەک کاندیدی تاکەکەسی هەیە، ئەم ژمارە زۆرەی کاندیدە تاکەکەسییەکان لە بازنەکانی هەڵبژاردندا دەرخەری ئەوەیە کە دەنگەکان دابەش دەبێت بەسەریاندا و ئەگەرێکی زۆر لاواز دەبێت کە هیچیان دەربچن



# Kurdistan Parliamentary Elections | 2024



Vision Foundation for Strategic Studies

www.visionfoundationiq.org
info@vfssiq.org
+964 (0) 772 330 0005

PASEWAN

SHERKO KHANZADI
GRAPHIC DESIGNER